# هەڵبجە پێناسەیەکە بۆ خۆراگری .

بڵند نەورەس
Blnd_ma@yahoo.com

3\16 رۆژێکی پر ئازار و پر مەرگەساتە بۆ کورد چونکە لەم رۆژەدا هەڵەبجە بووە قوربانی بیرکردنەوەیەکی ڕەقی نەگریس کە توانی بە بەکارهێنانی هێز شارێکی وا جوان و پاك بکاتە نمونەیەك بۆ درندایەتی و کۆ کوژی وماڵویرانی !

مەنتقی هێز لەم رۆژەدا هەموو چەمکە ناسك و پاکەکانی وێران کرد , بیرکردنەوەی پڕ ڕق شارێکی بیٚ سەرو شوێن کرد , ئاسەوارێکی بە جیٚ هێشت کە تا ئێستاش بەدەم هەمان ئاهی ئەو ساوە ئەتلێتەوەو ئەناڵێنێت !

لەم رۆژەدا سیمبولی مرۆڤایەتی و بەهای کۆمەڵایەتی و ئاکاری پیرۆزی ژیان خرانە ناو چرە دوکەڵێکی ژەهراویەوە کە پراو پڕ بوو لە سێو ... سێوێك کە ئاخنراوبوو بە ژەهروو ... ژەهرێك کە پەیامی دوا ساتی ژیانی و سەرەتای مەرگی هێنا ... !

ئەو واقعەی ئەوسا بوو بە مێژوو بۆ ئەمرۆ , بوو بە چامەیەك کە گێرانەوەی لەبن نەهاتووە , کارەساتێکە کە پڕ بە مانا جەرگ برە .

یادەوەری هەڵەبجە تا دوا ساتی ئەم دنیایە بە زیندوویی ئەمێنێتەوە بەلاٌم گیرۆدەکانی ئەو شالاٌوەو پاشماوەکانی پێویستیان بە ژیانە ژیانێك دوورتر لە قسەو نوسین و باسکردن و گێرانەوە , ژیانێك کە فەراهەمی پچوکترین مافە سەرەتایەکانیان بکات ژیانێك کە لە ئاستیاندا دڵسۆزو خەم خۆر بێت ژیانێك کە لە میحنەت و چەرمەسەری و ئازار و ئاڵودەبوون رزگاریان کات , بەڵی ئەم شارە پێویستی بە ژیانە !!!

گێرانەوەی یادگارو باس و ئەو رۆژانە تیکە نانێك نابەخشێت بەو شارەو بە خەڵکی ئەو شارە , خەڵکی ئەو شارە پێناسەیان هەڵەبجەیە هەڵەبجەش بۆ خۆی کۆمەڵێك پێناسەی تری تیایە کە هەریەکەی داستانێکەو هەر داستانێکیش چەندان کارەکتەری لە خۆیدا حەشارداوە .

هەڵەبجە ئەمرۆ پێویستی بە ئاوەدانکردنەوەو بەدەنگەوە هاتنە نەك پیاهەڵدان و گێرانەوەو کولاٌنەوەی زامەکانیان , پێویستیان بە قوتابخانەو جادەو مزگەوت و یاریگاو نەخۆشخانەو کاری خزمەتگوزاریە , پێویستیان بە کارەباو ئاوی پاك و ژیانێکی ئاسایی یە , پێویستیان بە مامەڵەیەکی مرۆڤانەیە پێویستیان بە ژیانە ...!

بۆیە کاتی ئاوڕلێدانەوەی هەڵەبجەو خەڵکی هەڵەبجە سەرەکی ترین ئەرکی ئەمرۆمانە چونکە ئەوان لە سایەی کورد بونیاندا بەو حاڵە بران ئێستاش خۆمان حوکمرانی خۆملنین , کەواتە با پاداشتی خۆراگری و کوردبونیان بدەینەوە تا پەشیمانی نەچێژن !